# ململانێی خێڵەكانی مەككە و مەدینە لەسەرەتای دەوڵەتی ئیسلامدا

**سعيد مولود نادر**

بەشی مێژوو، فەكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

## پوختە

كۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام پێكهاتەیەكی خێڵەكی بووە و یەكێتییەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی نەبووە كۆیان بكاتەوە، شەڕ و ناكۆكی و پەلاماردانی خێڵەكان بۆ سەر یەكتر، گرنگترین سیمای ئەو كۆمەڵگەیە بووە، دەمارگیری خێڵایەتی وایكردووە هەر كۆمەڵەیەكیان هەوڵی ئەوە بدات هەژمونی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر كۆمەڵێكیتردا، (ايام العرب) بەڵگەی ڕونی ئەو ناكۆكیانەیە، كە خودی مێژونوسانی عەرەب نەیانشاردۆتەوە. لەو چوارچێوەیەدا ئەو توێژینەوە ململانێی نێوان كۆچەران و پشتیوانان لەخۆدەگرێت، كە درێژكراوەی ڕكابەری نێوان خێڵەكانی ئەو دو شارەیە، بە فۆرمێكی دیكە و لەژێر كاریگەری یادەوەری كۆمەڵایەتی لەسەردەمی پێغەمبەر زیندو بووەتەوە، سەرەڕای هەمو ئەو پاڵپشتی و هاوكارییەی لەلایەن پشتیوانان پێشكەش كرا، بەڵام لەدوای بەهێزبون و زیاد بونی ژمارەی كۆچەران، كەوتنەوە ڕكابەری پشتیوانان لە پێناو بەدەستهێنانەوەی پێگەی كۆمەڵایەتی و سیاسی. هەرچەندە پێغەمبەر هەوڵی زۆریدا بۆ یەكخستنی موسڵمانان و دروستكردنی پێكهاتەیەكی ئایینی یەكگرتو، لەماوەی ژیانیدا، بەهۆی پێگەی ئایینی و كاریگەری ڕۆحی، تواندرا پێكهاتەیەكی یەكگرتوی ئایینی بنیات بنرێت، موسڵمانانی مەدینە بەوپەڕی پەرۆشی و سنگ فراوانییەوە كەوتنە یارمەتیدانی موسڵمانە كۆچەرەكان و هەمو پێداویستییەكانیان بۆ دەستەبەر كردن، بەڵام لەدوای بەهێزبونی دەولەتی ئیسلام و جێگیربونی پێگەی قورەیشە موسڵمانەكان، بەهۆی كاریگەری دەمارگیری خێڵەكی و وابەستەبونی ئەو كۆمەڵگەیە بە یادەوەری پێشینان، بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ڕكابەری و ململانێ سەریهەڵدایەوە، بەڵام لەگەڵ مردنی پێغەمبەر ڕاستەوخۆ ئەو هێزە شاراوەیە تەقییەوە و لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات و پێگەی كۆمەڵایەتی، دابەشبونەوەی كۆمەڵی موسڵمانانی لێكەوتەوە، ئەمەش كاریگەرییەكی بەهێزی لەسەر مێژووی ئەو كۆمەڵگەیە دروستكرد و نەتواندرا جارێكیتر ئەو یەكێتییە كۆمەڵایەتییە زیندو بكرێتەوە.

**وشە سەرەكییەكان:** پشتیوانان، كۆچەران، مەككە، مەدینە، ململانێ، خێڵ.

## پێشەكی [1]

دیاردە و ڕوداوە مێژوییەكان پەیوەستە بە پێشینە مێژوییەكەی و ناتواندرێت لێی جیابكرێتەوە، ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە یادەوەری كۆمەڵایەتیی بەشداربوانی هەیە، سەرهەڵدانەوەی جارێكیتری ڕوداوەكە لە قۆناغێكی دیكە، زۆرجار سروشتی فۆرمێكی تازە لەخۆدەگرێت و ناسنامەیەكی سەربەخۆ بەرهەمدەهێنێت. سروشتی ناكۆكی نێوان موسڵمانانیش لەسەردەمی پێغەمبەر، بەتایبەتی موسڵمانە پشتیوان و كۆچەرەكان، پەیوەندییەكی ناڕاستەوخۆی بە پێشینەی مێژویی ناكۆكی و ڕكابەری دانیشتوانی شارەكانی مەككە و یثرب هەیە، ئەگەرچی سروشتی پەیوەندییەكانی نێوان ئەو دو شارە نەگەیشتە ئاستی شەڕ و توندو تیژی، بەڵام جیاوازی لە پێگەی ئابوری و ئایینی نێوان ئەو دو شارە، هەستی ئێرەیی لەلای دانیشتوانی یثرب دروستكردبو، دەیانویست پێگەی شارەكەیان بگەیەننە ئاستی شاری مەككە، هەرچەندە شاری یثرب لەڕوی ئاووهەوا و بواری كشتوكاڵی لەپێش شاری مەككە بو و كەش و هەوایەكی گونجاوتری هەبو، بەڵام لەڕوی پێگەی ئایینی و كەلتوری و سەقاگیری ئاسایش نەدەگەیشتە ئاستی شاری مەككە، كە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیاری بەسەر كایەی ئابوری شارەكەوە هەبو. بۆیە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پەیوەندیی خێڵەكانی ئەو دو شارە لە دو باسی جیاواز بخرێتە ڕو، بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی لە گواستنەوەی ئەو ناكۆكییە بگەین، كە لە قۆناغی پێش ئیسلام بۆ سەردەمی پێغەمبەر درێژ بووەتەوە، هەروەها شێوازی ململانێیەكە بخەینەڕو لەو دو قۆناغە جیاوازەدا.

ڕونكردنەوەی ناكۆكی خێڵایەتی نێوان ئەو دو لایەنە لە هەردو قۆناغ گرنگی بابەتەكە دەردەخات، چونكە شێوازێكی نوێیە لە بەراوردكاری دیاردەیەك لە دو قۆناغی یەك بەدوای یەك، سەرەڕای ئەوەی دەرخستنی ڕۆڵی یادەوەرییە لە ئاراستەكردنی تاك بۆ بەردەوامبون و وابەستەبون بە كەلتوری كۆمەڵایەتی، بەو پێیەی نەریت و خوی

[1] . گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێككەوتی: وەرگرتن ١٨ ئایار ٢٠٢٤؛ پەسەندكردن: ٩ حوزەیران ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێكخراو: لە ٢٠ ئاب ٢٠٢٥ بڵاوكراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: saeed.mawlwd@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠٢٥ سعيد مولود نادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp446-455

خێڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەك هێزێکە بۆ پاراستن و بەردەوامی ئەو چالاکیانەی بووەتە بەشێك لە یادەوەری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکەی ئاراستە کردووە هاوشێوەی قۆناغی ڕابردو بەردەوامی بە دیاردەکە بدات، بەڵام بە هۆکاری جیاواز و بە شێوەیەکی جیاواز. ئامانجی توێژینەوەکە گرنگیدانە بەیادەوەری و ڕۆڵی پێشینەی مێژویی لە سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان، بەو پێیەی کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمە، کۆمەڵگەیەکی پەرتەوازە و خاوەن دەمارگیرییەکی خێڵەکی بووە، نەتواندراوە بەها باوەکانی سەردەمی پێش ئیسلام پەراوێز بخرێت و بسڕدرێتەوە، بۆیە هەوڵدراوە لە توێژینەوەکەدا ناکۆکی نێوان موسڵمانە کۆچەر و پشتیوانەکان ببەسترێتەوە بە پێشینە مێژوییەکان و ناکۆکییەکان لە هەردو سەردەمی پێش ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەر ڕون بکرێتەوە.

هۆکاری دەستنیشانکردنی بابەتەکە، تەنها پەیوەست نییە بەخستنە ڕوی ناکۆکی نێوان ئەو دو لایەنە، بەڵکو تێگەیشتنە لە تایبەتمەندی زاڵدەستێتی و خواستی دەسەڵاتی ئەو دو لایەنە، چونکە هەر لایەکیان بەدرێژایی سەردەمی توێژینەوەکە، ویستویانە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن، بەڵام لەهەردو قۆناغدا قورەیشەکان توانیویانە پێگە و دەسەڵاتییان بپارێزن، بەدرێژایی مەوداکەش ئایین هۆکاری پاراستنی ئەو ئەو پێگەیە بووە .

پێکهاتەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ باس و ئەنجام. باسی یەکەم تایبەتکراوە بە جیاوازی نێوان شاری مەککە و شاری مەدینە، بەو پێیەی جیاوازییەکان ڕۆڵیان لە دروستبونی ناکۆکی نێوان ئەو دوو شارە هەبووە. لە باسی دووەم هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دو شارە لە پێش ئیسلام، بۆ ئاشنا بون بەپێشینەی مێژویی پەیوەندی خێڵەکانی ئەو دو شارە لەگەڵ یەکتری. کۆتا باسیش هەڵوەستە کردنە لەسەر پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان موسڵمانانی کۆچەر و پشتیوانان، کە بە هۆکاری جیاواز و لە هەندێك ڕوداوی جیاواز تەشەنەی کردووە.

## 1. جیاوازی ژینگەی کۆمەڵایەتی نێوان شاری مەککە و یثرب

لەسیستمی خێڵەکیدا چەمکی جیاوازیی مانای ناکۆکی و ململانێ دەگەیەنێت، بەو پێیەی ئەو پێکهاتەیە لەتێڕوانینی خێڵایەتی خۆیەوە لە ژیان دەڕوانێت و بەرتەسکانە مامەڵە لەگەڵ بەها و فۆرم و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دەکات، بەتایبەتی جیاوازی ڕەهەندی ئابوری و ئایینی لەنێوان خێڵەکان، چونکە ناکۆکی و ڕکابەری نێوان پێکهاتە و شار و خێڵەکانی لێدەکەوێتەوە، وەك عەلی وەردی ئاماژەی پێکردوە، دەڵێت: "تاکی خێڵەکی پەیوەستە بەخێڵەکەیەوە تا ئەوپەڕی پەیوەستەگی، بۆیە جیاوازییەکانی خێڵێکی دیکە قبوڵ ناکات" (2009: 12). لەو تێڕوانینەوە خستنەڕوی جیاوازی ژینگەی کۆمەڵایەتی نێوان ئەو دو شارە، خزمەتێکی گەورەی ئەو بابەتە دەکات، چونکە دواجار جیاوازییەکانی نێوانیان، هەستی دڵسۆزی و خۆشەویستی لای دانیشتوانی هەر لایەکیان بۆ شارەکەی خۆیان بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕکابەری لەپێناوی دەستەبەرکردنی پێگەی ئابوری و ئایینی.

سەبارەت بە شاری مەککە، بەپێی گوزارشتی قورئانی، شارێکی وشکایی بێ سەوزاییە و خاکێکی بەپیتی نەبووە بۆ کشتوکاڵ کردن، وەك دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنْتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُمْ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ (سورة ابراهيم: الاية 37). هەر بەپێی ئەو ئایەتە دروستبونی شارەکە ڕەهەندێکی ئایینی هەیە و قورئان لەسەر زمانی (ابراهیم) پێغەمبەر داوای لە پەروەردگار کردووە دڵی هەندێك خەڵك کەمەندکێش بکات، بۆ نیشتەجێبون لەلای وەچە و خێزانەکەی، کە لەو دۆڵە وشکە لە پاڵ ماڵە پیرۆزەکەیدا دایناون (الطبرى، 2001، 13/689-690)، ئەمەش گوزارشتە لە ڕەهەندی ئایینی بنیاتنانی ئەو شارە .

ئەو پێگە ئایینییە و بونی کەعبە لەو شارە ڕۆڵی گرنگی لەرووی ئابورییەوە بینی ، چونکە شارەکەی کردە ناوەندێکی بازرگانی گرنگ، بەوپێیەی پەیکەری خواوەندی زۆرینەی هۆزە عەرەبەکان لە مەککە داندران، سەرجەم ئەو هۆزانە لە وەرزی حەجدا سەردانی ئەو شارەیان دەکرد، تەنانەت جولەکە و مەسیحی و سابیئەکان بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی ئایینی دەهاتنە ئەو شوێنە (على، 2001، 7/7؛ الشريف، 2003، 145)، ئەمەش مەککەی کردە مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ و سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری، بێجگە لەوەی پێگەی (دار الندوة) فۆرمێکی نوێی دەسەڵاتی سیاسی بو، کە خزمەتی هەژمونی بازرگانی و دارایی قورەیشی دەکرد (الشريف، 2003، 102).

شوێنی جوگرافیی شارەکەش هاوکار بو ببێتە وێستگەیەکی گرنگی بازرگانی و سەرچاوەی داهاتی ژیانی دانیشتوانەکەی، چونکە کەوتبووە ناوەڕاستی ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان و وڵاتی یەمەنی دەبەستایەوە بە وڵاتی شام و عێراق، بەمەش ناوەندێکبو بۆ پشودانی کاروانەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاو و خۆراك، بۆیە دەرفەتێکی بۆ دانیشتوانی مەککە ڕەخساندبو، لەڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کاروانەکان بژێوییان دەستەبەر بکەن (على، 2001، 6/7)، بازرگانەکانیش ئەو لایەنەیان قۆستبۆوە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و ببونە توێژێکی باڵادەست (مروة، 2008، 398/1).

لەناو هۆزە عەرەبەکان قورەیش بە گەلی خوا ناودەبران لە پیاوەتی و چاکە و شکۆ، لە سەرجەم عەرەبەکانی دیکە جیادەکرانەوە (الثعالبى، 1985، 10)،سەرجەم تیرە و هۆزە عەرەبەکان بە چاوی ڕێز و گەورەیی سەیریان دەکردن، بە پارێزەری ماڵی پیرۆزی خوا دادەنران، ئەمەش هاوکاربو لە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هۆزانەی دەکەوتنە سەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکانیان بەمەش ببونە خاوەن پێگەیەکی ئایینی و ئابوری مهران، 1980، 372-376).

شاری یثرب (مەدینە) لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ شاری مەککە جیاواز بو، خاوەنی خاکێکی بەپیت و هەڵومەرجی گونجاو بو بۆ کشتوکاڵ کردن، دۆخی ئابوری ئەو شارە، بەپلەی یەکەم پشتی بەداهاتی کشتوکاڵی دەبەست (الوكيل، 1986، 147)، ئەو جیاوازییە لە ژینگەی سروشتی نێوان ئەو دو شارە ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕەفتاری تاکی ئەو دو شارەش هەبو، توێژەرانی ئەو بوارە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو سروشتە ژینگەییە ڕۆڵی بەرچاوی هەبو لە سەر خوڕەوشتی خەڵکەکەی و لە خەڵکانیتر میهرەبانتر و دڵنەرمتر بون (على، 2001، 133/7)، بەڵام خاوەنداری گەورەی کشتوکاڵی تێدا نەبو (مروة، 2008، 398/1)، بێجگە لەوە، پێگە و ئەرزشێکی ئایینی ئەوتۆی نەبو ببێتە سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگ بۆ شارەکە، بواری بازرگانی لەلایەن جولەکەکان قۆرخکرابو (كرمى، 2007، 53-54)، بەهۆی ئەو پێگە لاوازە، دەوڵەمەندی گەورەی هاوشێوەی ئەرستۆکراتە قورەیشییەکانی لێنەهەڵنەکەوتووە و جیاوازییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دروست بووە لەگەڵ شاری مەککە .

لەڕوی پێکهاتەی دانیشتوان، ئەو دو شارە جیاواز بون، دانیشتوانی یثرب پێکهاتبون لە هۆزەکانی ئەوس و خەزرەجی عەرەبی لەگەڵ چەند هۆزێکی جولەکە، سەرەڕای ئەوەی، ئەو دوو هۆزە عەرەبەی شاری یثرب خەڵکی ڕەسەنی شارەکە نەبون و جولەکاکان پێشتر لەو شارەدا نیشتەجێبون (الاصفهاني، 1994، 82/3؛ ابن كثير، 1997، 112/3)، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، پێش سەرهەڵدانی بانگەوازی ئیسلام بەشی زۆری زەوییە بەپیتەکانی ئەو شارە لەدەست جولەکە بووە و عەرەبەکانی ئەو شارە کرێگرتە و سەرکاری جولەکەکان بون (الاصفهانى، 1994، 345/22؛

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp446-455

الوكيل، 1986، 152/1).

لەڕوی کارگێڕیشەوە جیاوازی لەنێوان ئەو دو شارە هەبو، سەبارەت بە مەککە، هەرچەندە وەك ناوچەکانی دیکەی نیمچە دورگەی عەرەبی، دەزگایەکی کارگێڕی نەبو لە شێوەی حکومەت بتوانێت کاروباری شارەکە بەڕێوەببات، پەیوەندی دەرەوە و ناوخۆ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کۆی دانیشتوان ڕێکبخات، بەڵام (دار الندوة) شوێنگرەوەی ئەو دەزگایە بووە و ناوەندێك بووە بۆ فەرمانڕەوایی و کارگێڕی شارەکە (السهيلي، 2000، 35/2؛ کرمی، 2007، 36). بەڵام لە یثرب ئەو دەسەڵاتە نەبووە، بەهۆی ڕکابەری هەردو هۆزی ئەوس و خەزرەج، هەروەها پێشبڕکێ لەسەر هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی جولەکەی ئەوشارە لەدژی یەکتر (ابن هشام, 1990, 182/2)، وایکردبو نەتواندرێت ڕاوێژ لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی ئەو شارە بکرێت، ئەمەش وایکردبو پێگەی ئەو شارە نزمتر بێت لەشاری مەککە، چونکە خەڵکی مەککە بە گشتی پێکهاتبون لە هۆزی قورەیش و خۆیان بە کرۆکی عەرەب دەزانی، کە پێیان دەگوترا قورەیشی (البطاح)، لە دەوروبەری شارەکەش چەند خێڵێکی قورەیش نیشتەجێبون پێیان دەگوترا قورەیشی (الظواهر) (ابن حبيب، 1942، 167؛ ياقوت الحموي، 1977، 444/1)، بەڵام ئەو دابەشبونە کاریگەری نەبووە لەسەر لاوازبونی پێگەی قورەیش، چونکە هەندێکیان ڕۆڵی گرنگتریان گێڕاوە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، وەك دەبینین قورەیشەکانی (البطاح) بەرپرسی حەرەم و کاروباری حەج بون و بە شارستانیتر دادەنران (ابن الأثير, 1997, 522/1-523)، بەو مانایەی دابەشکردنی نێوان ئەو دو پێکهاتەی قورەیش تەنها لەڕوی ئاستی پێگەی ئابوری بو، نەك دابەشکردنێکی خێڵایەتی بێت (علی، 2001، 28/7). ئەوەی دەشێت بیڵێین ئەوەیە، دانیشتوانی مەککە پێکهاتەیەکی قورەیشییە، بێجگە لە ژمارەیەك کۆیلە، کە بەسەر هەردو چینە قورەیشەکەدا دابەش بون و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە قورەیشییەکان کەمتر بو، کاری جۆراو جۆری دەستییان دەکرد، کە قورەیشییەکان خۆیان لێدور دەخستەوە (الشريف، 2003، 189).

لەلایەکی دیکەوە کەلتور و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی هەردو شارەکە لەیەکتری جیاواز بو، دابونەریتی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی مەدینە لەگەڵ دابونەریتی قورەیشییەکانی مەککە جیاوازبو، بەتایبەتی پێگەی ژن، ئەو جیاوازییە لە گوتەیەکی خەلیفە عمر ڕون دەبێتەوە، کە لەدوای کۆچکردنی موسڵمانان بۆ مەدینە دەڵێت: "ئێمەی قورەیش زاڵ بوین بەسەر ژندا، بەڵام کاتێك چوین بۆ لای پشتیوانان لە مەدینە، ئەوان ژن بەسەریاندا زاڵبون، بۆیە ژنانی ئێمەش لەوانەوە ئاداب و هەڵسوکەوتیان وەرگرت" (البخاري، 1993، 871/2).

سەرەڕای ئەوەی ژینگەی ئەو دو شارە بۆ ژیان لەیەکتری جیاواز بون و دانیشتوانی هەریەك لەو شارانە بە سەختی دەیانتوانی لە شارەکەی دیکە ژیان بکەن، ئەو حاڵەتە ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمهێنانی ڕکابەری دانیشتوانی ئەو دو شارە و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی هەر لایەك بۆ شارەکەی خۆی هەبو ، تەنانەت ئەو هەستە لەسەردەمی پێغەمبەریش هەستپێکراو بووە، ئەو هاوەڵانەی کۆچیان کردبو بۆ مەدینە، هێشتا شانازییان بە شاری مەککەوە دەکرد، زۆرجار لەئاخافتنیاندا سوکایەتییان بە شاری مەدینە دەکرد، بەهۆی ئەوەی ئەستەم بو بتوانن لەگەڵ ژینگەی مەدینە هەڵبکەن، وەك ابوبکر فەرمویەتی: "خودایە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە، وەك ئەوەی مەککەمان خۆش دەوێت"، هەروەها عائیشە فەرمویەتی: " خاکی مەدینە دەردەدارترین زەوی خوایە" (ابن حنبل، 2001، 332/40). دەگێڕنەوە بلالی حەبەشی لە دوای نەخۆشکەوتنی لە مەدینە بەدەنگی بەرز شیعری دەخوێندەوە و بە شاری مەککەی هەڵدەدا، دەیگوت: " خودایە ئەوانە بەر نەفرەت بخەی، کە بونە هۆی دەرکردنی ئێمە لە شاری خۆمان بۆ شاری دەرد و پەتا" (البخاری، 2،567/1993). سەرەڕای هەمو ئەو جیاوازییانە، قورەیش لەناو هۆزەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی خۆیان بە کەسانی شایستە و بەڕێزتر دەزانی لە هۆزەکانی دیکە و هۆزەکانیتریان لە ئاستی خۆیان بە کەمتر دەزانی لە ڕوی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەوە.

بەهۆی ئەو پێگە ئابورییەی مەککە، قورەیش نەك تەنها خەڵکی یثرب، بەڵکو پەیوەندییان لەگەڵ سەرجەم هۆزەکان لەسەر ئاستی بەرژەوەندی بووە، بۆیە سەرجەم ئەو هۆزانەی بەرژەوەندی ئابورییان لەگەڵ قورەیش نەبووە، بەتایبەتی هۆزە دەشتەکییەکان ناکۆك بون لەگەڵیان، هەتا بڵاوبونەوەی ئیسلام نەتواندرا ئەو ناکۆکییانە بنبڕ بکرێ و کاریگەری لەسەر بەشێکی زۆر لە کێشە و ناکۆکییەکانی سەردەمی ئیسلام هەبو ، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بو، کە لەدوای مردنی پێغەمبەر بەشێك لە هۆزەکان ڕایانگەیاند، "پێغەمبەرێك لە هۆزەکەمان، باشترە لە پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە لە هۆزی قورەیش" (الطبری، 1969، 257/3).

## 2. پەیوەندی خێڵەکانی نێوان شاری مەککە و مەدینە لە پێش ئیسلامدا

کۆمەڵگەی عەرەبی، بەو پێیەی کۆمەڵگەیەکی پەرتەوازە و دابڕاو لە یەکتری بووە، یەکێتییەکی سیاسی– کۆمەڵایەتی لەنێوان خێڵ و هۆزەکان نەبووە، هەر بۆیە نەتوانراوە لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگاکە، بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگیرێ و پەیوەندییەکی ئابوری – کۆمەڵایەتی پتەو بەرهەم بهێنرێت، بەڵکو هەر هۆزە و بەپێی خواستی بەرژەوەندی ئابوری و واقیعی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکانی ڕێکخستووە و ستراتیژی مانەوە و پاراستنی خۆی دارشتووە، ئەو ڕەوشە ڕەنگدانەوەی بەسەرشارەکانیشەوە هەبووە، بێجگە لەچەند پەیوەندییەکی ئابوری لەنێوان خێڵ و هۆزەکانی شارەکان و دەشتەکان، یان لەسەر ئاستی تاك لەنێوان دانیشتوانی شارەکان، هۆکارێکی دیکە نەبو پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لە نێوان ئەو شارانە دروست بکات. شارەکانی مەککە و یثربیش لە چوارچێوەی ئەو ڕەوشەی باسمان کرد بێبەش نەبون، سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی پێشتر باسکرا لە نێوانییان، پەیوەندییەکانی کاڵتر کردبووەوە.

بێجگە لەوە، ناکۆکی بەردەوامی نێوان هەردو هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج لە یثرب (ابن الاثير، 1997، 1/586-604؛ الشريف، 1985، 356)، ڕۆڵی لە لاوازبونی پەیوەندییان لەگەڵ قورەیشەکانی مەککە هەبو ، چونکە شاری یثرب کەوتبووە سەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکانی قورەیش بۆ شام، بۆیە پەیوەندی قورەیش لەگەڵ یەکێك لە هۆزەکان دەبووە مەترسی بۆسەر کاروانەکانییان و هۆزەکەیتر هەڕەشەی ڕێگری دەکرد (الوکیل، 1986، 162)، وەك لە گێڕانەوەیەك دەردەکەوێت، دەستەیەک لە هۆزی ئەوس پێش ئیسلام، بونە هاوپەیمانی قورەیش لە دژی هۆزی خەزرەج، بەڵام (وەلیدی کوڕی موغیرە)[1] ڕێککەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە (السمهودی، 1999، 171/1)، ئەمە وایکردبو قورەیش بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە بکەن و هەوڵیان دەدا هاوسەنگی پەیوەندی لەگەڵ هەر لایەکیان ڕابگرن، چونکە پەیوەندی و ڕکابەری هەر هۆزێکیان مەترسی بو بۆ سەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان. ئەو مەترسییەی قورەیش لە گوتەیەکی (سەعدی کوڕی مەعاز، 5ك/626ز مردووە)، سەرۆکی هۆزی ئەوس ڕوندەبێتەوە کاتێك هەڕەشە لە ابو الحکم (ابو جهل، 2ك مردووە) دەکات و دەڵێت: "ڕێگای بازرگانی شامت لێدەبڕم" (الذهبي، 1985، 280/1)[2]. ئەو مەترسییەی قورەیش کاریگەری لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ هەردو هۆزی ئەوس و خەزرەج هەبو، نەکا خۆیان بخەنە ناو شەڕێکی بێ سودی ئەو دو هۆزە، ئەمەش ڕۆڵی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp446-455

له نەبونی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دانیشتوانی ئەو دوو شارە هەبو .

ئەو بارودۆخە وای لە خەڵکی مەدینە کردبو، بە گومان و دڵەڕاوکێییەوە سەیری گەشەسەندنی خێرای مەککەییەکانیان بکەن، دەیانبینی شارەکەیان بەهۆی شەڕی درێژخایەنی نێوان هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج لەڕەوشێکی خراپدابو، لەکاتێکدا شارەکەیان پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبووە و دەکەوتە سەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکانی مەککە و شام، دانیشتوانی شارەکە هەستیان بە پێگەی لاوازی خۆیان دەکرد بەرامبەر خۆشگوزەرانی دانیشتوانی مەککە، بۆیە چاوەڕێی دەرفەتێکی گونجاو بون بۆ بڕینی بازرگانیی دراوسێیە بەهێزەکەی (شلحت، 2003، 103).

لەلایەکی دیکە، شانازیکردن و لوتبەرزی قورەیش وایکردبو بە چاوێکی نزم سەیری هۆزەکانی دەرەوەی مەککە بکەن (بڕوانە: الغزالي، 1982، 360/3) ، بە تایبەتی هەردو هۆزی ئەوس و خەزرەج لە یثرب، مەککەییەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەداون، هاوپەیمانێتی نێوان ئەوس و قورەیش ئەو لایەنە ڕون دەکاتەوە، کاتێك لەدوای شەڕی فجاری یەکەم، کە ئەوسییەکان بەرامبەر هۆزی خەزرەج شکستیان هێناوە، هەوڵیانداوە لەگەڵ قورەیشییەکان هاوپەیمانی ببەستن و گەیشتنە ڕێککەوتن، بەڵام ابو الحکم (ابو جهل) بەو هاوپەیمانێتییە ڕازی نەبووە، بە مەرجی ئەوە نەبێت ژنانی ئەوس وەك کەنیزەکی قورەیشییەکان سەیر بکرێن، ئەوسییەکان بەمە ڕازی نەبون و ڕێککەوتنەکەیان هەڵوەشاندەوە (ابن الاثير، 1977، 599/1؛ السمهودي، 2001، 385/1)، لەگێڕانەوەیەکی دیکەشدا، هاوپەیمانێتییەك لە نێوان هۆزی ئەوس لەگەڵ قورەیشەکانی مەککە بەستراوە، بەڵام عتبەی کوڕی ئەبی وقاص[3]، بەهۆی سوکایەتیکردن بە ئەوسییەکان ئەو هاوپەیمانییەی هەڵوەشاندەوە (ابن حبيب، 1985، 268).

ئەو گوزارشتانە تەواو تێگەیشتنی مەککەییەکان ڕوندەکاتەوە بەرامبەر خێڵەکانی یثرب و لاوازییان بەرامبەر قورەیشەکانی مەککە. بۆیە قورەیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو هۆزانە لە سەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخستووە، ئەگەر مەترسی ڕێگای بازرگانی نەبوایە، ئامادەیی ڕێککەوتنییان لەگەڵ خەڵکی یثرب نەبو، بۆیە چەندینجار لەلایەن هۆزە عەرەبەکانی ئەو شارە هەوڵی هاوپەیمانێتی دراوە لەگەڵ قورەیش، بەڵام لەلایەن یەکێك لەدەستڕۆیشتوەکانی قورەیش ڕەتکراوەتەوە.

ئەو هەڵوێستەی مەککییەکان شایستەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ناکرێت هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر ئەو تێگەیشتنە نەبوبێ، بەڵام لاوازی پێگەی ئابوری و پەرتەوازەیی ئەو دو هۆزە، سەرەڕای فشاری جولەکەکان لەسەریان، بووە هۆی ئەوەی بەناچاری ئەو بارودۆخە قبوڵ بکەن و هیچ کاردانەوەیەکیان نەبێت، بە پشتبەستن بەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، ئەو فشارە بەڕونی دەردەکەوێت، ابن خرداذبه (مر 280ك) ئاماژە بەوە دەکات فارسەکان هۆزە جولەکەکانیان کردبووە پاشا بەسەر هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج لە یثرب و باجیان بەسەردا سەپاندبون (1889، 128). شاعیرێکی پشتیوانان پشتڕاستی ئەو زانیارییە دەکاتەوە، کاتێك دەڵێت :

"نؤدّي الخراج بعد خراج كسرى   وخرج من قريظة والنّضير"، (الشريف المرتضى، 1954, 262/1)، ڕەنگدانەوەی ئەو فشارە لەناو دەقی ئەدەبی گوزارشتە لە لاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو هۆزانە، بە گوتەی الحموي، ئەو دو هۆزەی جولەکە وەک پاشای یثرب مامەڵەیان کردووە و باجیان لە هۆزی ئەوس و خەزرەج وەرگرتووە (1995، 83/5).

لەلایەکی دیکە، پێگەی ئاینی شاری مەککە، هاوکارێکی گرنگی قۆرخکردنی بازرگانی ناوچەکە بو، توانیبوی ببێتە شارێکی تایبەتمەند لە نیمچە دورگەی عەرەبی و باڵادەستی خۆی بەسەر کۆی شارەکانی دیکە بسەپێنێت (علي, 2001, 285/13)، ئەمەش جۆرە ئێرەییەکی لای دانیشتوانی زۆرێك لە شارەکان دروست کردبو بەرامبەر بەو شارە و دەیانویست شارەکانی ئەوانیش وەك مەککە ببێتە ناوەندێکی ئاینی، بۆ ئەوەی هۆز و تیرە عەرەبەکان ساڵانە ڕوی تێبکەن و شارەکەیان هاوشێوەی مەککە ببێتە ناوەندێکی ئابوری و بازاڕێکی پڕفرۆش (مروة، 2008، 399/1-400)، بۆیە دانیشتوانی هەندێك لە شارەکان ڕکابەری شاری مەککەیان دەکرد بۆ فەراهەمکردنی ئەو خۆشگوزەرانییەی قورەیشییەکان هەیانبو، وەك دەبینین لەلایەن هۆزی (بني متعب) ماڵێك دروستکرابو بۆ پەرستنی لات (اللات)، بە هەمان شێوەی کەعبە سەیریان دەکرد، تەنانەت خزمەتکار و دەرگاوانیشیان بۆ دانابو (ابن هشام، 1990، 102/1). چونکە پەرستگەی (لات) شوێنێکی بەناوبانگ بو بۆ زیارەتکردن لەناو عەرەبەکان، بەڵام نەیدەتوانی ڕکابەری پێگەی کەعبە بکات (ابن كثير، 1998، 422/7)، بۆیە دەیانویست بەهۆی کەوتنی کەعبە و نەهێشتنی پێگەی ئاینی مەککە، خۆیان ببنە ناوەندی پیرۆزی عەرەبەکان، ئەمەش وای لە قورەیشییەکان کردبوو، خۆشحاڵ نەبن بە زیادبونی ناوەندی پەرستنی دیکە لە نیمچەدورگەی عەرەبی (ملاح، 2012، 456)، چونکە دروستبونی ناوەندی دیکەی ئاینی، دەبووە مەترسی لەسەر بەرژەوەندی ئابوری قورەیشییەکان.

هێرشی حەبەشییەکان بە فەرماندەیی ئەبرەهە بۆ سەر کەعبە باشترین نمونەی ئەو ئێرەیی بردنەیە بە شاری مەککە، ئەبرەهە کەنیسەیەکی گەورەی بنیاتنا لە سەنعا و بە جوانترین شێوە ڕازاندیبیەوە، بۆ ئەوەی عەرەبەکان واز لە کەعبە بهێنن و ڕو لە یەمەن بکەن بۆ مەراسیمی حەج، دوای سوکایەتیکردنی عەرەبەکان بەو کەنیسەیە، ئەبرەهە بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر شاری مەککە، بە مەبەستی ڕوخاندنی کەعبە (الازرقي، 1983، 139/1)، ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە، بەپێی زانیاری سەرچاوە مێژوییەکان، ئەبرەهە هەتا دەگاتە دەوروبەری شاری مەککە، ڕوبەڕوی بەرگرییەکی ئەوتۆی هۆزە عەرەبەکان نەبووەوە (بڕوانە: الطبري، 1967، 132/2)، لە کاتێکدا کەعبە مەڵبەندی بەجێگەیاندنی مەراسیمی حەجی هەمو ئەو هۆزانە بووە، تەنانەت سەقیفییەکانیش لە تائیف لەو هێرشە پشتیوانی ئەبرەهەیان کرد بۆ تێکدانی کەعبە (ابن هشام، 1990، 63)، چونکە پێیانوابو هیچییان کەمتر نییە لە شاری مەککە و دەیانویست لەو ڕێگەیەوە پیرۆزی بۆ شارەکەیان دەستەبەر بکەن. بۆ ئەوەی ساڵانە تیرە و هۆزە عەرەبەکان ڕوی تێبکەن، بەمەش باڵادەستی قورەیشییەکان بەسەر نیمچە دورگەی عەرەبی کەم بکەنەوە، حسين مروه ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو هەڵمەتە یەکێکبو لەدیاردە سەرەکییەکانی ململانێ بۆ باڵادەستی سیاسی و ئابوری2008) ، 308/1).

چەند پیاوێك لە هۆزی ثقیف چونە لای ئەبرەهە و پێیانگوت ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵ تۆدا نییە، دەزانین تۆ نیازی تێکدانی ماڵی ئێمەت نییە (مەبەستە لە مالی اللات) و مەبەستت کەعبەیە، بۆ نیازپاکی کەسێکیان بە ناوی (أبو رغال) لەگەڵ نارد بۆ ڕێنیشاندان، دوای ئەوەی (أبو رغال)[4] لەمەککە دەمرێت و لەوێدا دەنێژرێت، لەلایەن عەرەبەکان گۆڕەکەی بەردباران دەکرێ (ابن هشام، 1990، 63/1). ئەو بەردبارانکردنەی مەککییەکانیش ئاماژەیە بە ڕق و قینی پێشینەی نێوان دانیشتوانی ئەو دو شارە.

داواکاری شاندێکی سەقیفییەکان پشتڕاستی ئەو بۆچونە دەکاتەوە، کاتێك هاتنە لای پێغەمبەر و داوایانکرد ساڵێك ڕێگەمان بدە (لات) بپەرستین، ولاتەکەی ئێمەش وەك مەککە حەرام بکە واتا دار و بەرد و باڵندەی حەرام بکە لەوەی دەسکاری بکرێن (الواحدي، 1992، 289). بەو مانایەی شاری تائیف وەك شاری مەککە پیرۆز بکات.

داواکاری خێڵی (بني عامر بن صعصعه)، هەمان ئەو گوزارشتە لەخۆ دەگرێت، کاتێك بە پێغەمبەر دەڵێن: "پشتگیری بانگەوازەکەت دەکەین، بەو مەرجەی لەدوای خۆت

دەسەڵات بۆ ئێمە بێت"، تەنانەت لەو دیدارەدا یەکێکیان پێشنیاز بۆ خێڵەکەی دەکات، ئەگەر ئەو گەنجە لەدەست قورەیش دەربهێنێت، ئەوا دەتوانێت هەمو عەرەب بخاتە ژێر دەستی خۆی (ابن هشام, 1990, 73/2)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانجی سەرەکی موسڵمانبونی زۆرێك لە عەرەبەکان ڕکابەری قورەیش و لاوازکردنیان بووە.

ئەو ناکۆکی و ململانێیانە تەنها جیاوازی باوەڕی ئایینی نەبووە، بەڵکو ڕکابەری پێگەی ئابوری شارەکان و دەمارگیری هۆزایەتی هۆکاری سەرەکی ناکۆکییەکان بووە، چونکە ئەوانیش دەیانویست پێگەی ئابوری شارەکانیان بخەنە ئاستی گرنگی ئابوری شاری مەککە (نادر، 2024، 143). توێژەرێك ئاماژەی بەوە کردووە، لە سەروبەندی کۆچکردنی پێغەمبەر، ئەو ڕکابەرییە لەنێوان شارەکانی حیجاز بەهێز بووە، لەسەر پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی، زیاتر لە بازاڕەکانی دەوروبەری ئەو شارانە ڕەنگی دایەوە و هەمو شتێك بەکاردەهێنرا بۆ شکۆمەندکردن و بەرزکردنەوەی پێگەی سەرۆك خێڵ و هێماکانی نێوان شارەکان، ئەم پێشبڕکێیە گوزارشت بو لە ڕکابەرییەکی تارادەیەک ڕاگەیەندراو لە دژی قورەیشەکانی مەککە (شلحت، 2003، 101).

جیاوازی ڕەچەڵەکیش ڕۆڵی لە تۆخکردنەوەی ناکۆکی نێوان ئەو دو شارە هەبو ، چونکە هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج لە قەحتانییەکانی یەمەن بون، لەگەڵ عەدنانییەکانی مەککە لە ململانێدا بون (علی، 2001، 18/10؛ شلحت، 2003، 106). بێجگە لەوەی بەشێکی ناکۆکی ئەو دو شارە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە قورەیشەکان شاری مەککەیان لە ژێر دەسەڵاتی خوزاعە دەرهێنابو، لەکاتێکدا خێڵی خوزاعە سەر بە هەمان ڕەچەڵەکی هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج بون (القلقشندی، 1980، 244). پێدەچێت ئەو ناکۆکی و ئێرەیی بردنە بێت وایکردووە خەڵکانێك لە یثرب لەگەڵ ئەوەی بتپەرستییان ڕەتکردۆتەوە و باوەڕی یەکتاپەرستییان هەبووە، بانگەشەیان بۆ ئەو باوەڕە کردووە، بەڵام باوەڕییان بە پێغەمبەر نەهێناوە، لەوانە (ابو عامر الراهب) لە هۆزی ئەوس، بانگەشەی بۆ بیری یەکتاپەرستی کردووە، کەچی کاتێك ئایینی ئیسلام دەرکەوت، دژی بانگەشە وەستایەوە و بووە بەرهەڵستکاری، بۆیە پێغەمبەر پێیگوتووە (فاسق) (ابن هشام، 1990، 30/3؛ بدر، 1993، 90/1)، هاوکات (امیة بن ابی صلت، 5ك/626ز مردووە)، شاعیری ئەو سەردەمە لە تائیف، هەمان حاڵەتە و نەبووە موسڵمان (ابن کثیر، 1997، 274/3-276). لەو تێڕوانینەوە توێژەرێك پێیوایە سەرکەوتنی موسڵمانان لە شەڕی بەدر، ئەوەندەی سەرکەوتنی شاری مەدینە بو بەسەر شاری مەککە، ئەوەندە شکستی بتپەرستان نەبو بەرامبەر موسڵمانان (شلحت، 2003، 114)، ئەوەی پشتڕاستی ئەو بۆچونە دەکاتەوە، سوکایەتیکردنی پشتیوانانە بە ڕیش سپییانی شەڕکەری قورەیش لەو شەڕەدا (بڕوانە: ابن هشام، 1990، 285/2). سەرەڕای هەمو ئەمانەی پێشو، بونی ئەو ژمارە زۆرە خواوەندە و پەرستنییان لەلایەن هۆزە عەرەبەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر ململانێ و پەرتەوازەیی نێوان خێڵەکان هەبو (الوکیل، 1986، 98؛ شلحت، 2003، 88). چونکە هەر هۆزێك خاوەنی پەیکەرە خواوەندی خۆی بووە و دەمارگیری بۆ ئەو خواوەندە هەبووە، وەك خواوەندی (مناة) لەلای هۆزی ئەوس و خەزرەج، لە خواوەندەکانی دیکەی نیمچە دورگەی عەرەبی گەورەتر و جێگەی بایەخی زیاتر بووە (ابن کلبی، 2000، 13).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو گوزارشتەی سەرەوە دەتوانین بڵێین جیاوازی ئەو خواوەندانە لەنێوان شاری مەککە و یثرب، ڕەنگدانەوەی لەسەر دروستنەبونی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەو دوو شارە هەبووە ، چونکە دەمارگیرییەکی ئایینی نەبووە کۆیان بکاتەوە، وەك ئیبن خەلدون ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر دەمارگیری خێڵایەتیش نەبێت، دەمارگیری ئایینی دەتوانێت پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان چەند گروپێکی جیاواز دروستبکات (2013، 141)، دانیشتوانی ئەو دو شارە، هەریەکە و خواوەندی پیرۆزی خۆیان هەبووە و خواوەندی مەنات لە کەنارەکانی قەدید، لە نێوان مەککە و یثرب داندرا بو (ابن الکلبی، 2000، 13)، دانانی ئەو خواوەندە لەو شوێنە ساردی ئەو پەیوەندییە دەردەخات، لەکاتێکدا زۆرینەی خواوەندی هۆزە عەرەبەکان لە کەعبە داندرابون، دەشێت بڵێین ئەوس و خەزرەج بەهۆی ئەو ئێرەیی بردنە نەیانهێشتووە ئەو پەیکەرانە ببەنە مەککە، بە هەمان شێوە خواوەندی لات لە تائیف داندرابو (ابن هشام، 1990، 102/1).

دانانی خواوەندەکانیان لە دەرەوەی کەعبە، ڕکابەری کەعبە بووە، ویستویانە هەمان ڕێزی کەعبە بۆ خواوەندی خۆیان مسۆگەر بکەن، بۆ نمونە هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج باوەڕیان وابو حەجیان قبوڵ نابێت هەتا ئەو کاتەی سەردانی مەنات نەکەن و قوربانی بۆ نەکەن (الکلبی، 2000، 14). سەرەڕای ئەوەی ڕکابەری نێوان خواوەندەکان لە نیمچە دورگەی عەرەبی، هۆکارێك بو بۆ دورکەوتنەوەی ئەو دو شارە لەیەکتری، چونکە خواوەندی مەنات بۆ ماوەیەکی زۆر باڵادەستی پیرۆزی قۆرخکردبو، لە ڕکابەرەکانی (لات و عوزا) گەورەتر بو، سەرەڕای ئەوەی کۆنترین خواوەند بو لە نیمچە دورگەی عەرەبی (ابن الکلبی، 2000، 13)، بەڵام لە کۆتاییدا عوزا جێگەی گرتەوە و بووە هۆی مسۆگەرکردنی هەژمونی قورەیش بەسەر ئەوانیتر، تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەر مەنات بووە خواوەندی سێیەم، وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: "أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّىٰ وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَىٰ" (سورة النجم: الاية 19-20)، خەڵکی یثرب ئەوەیان لەبیر نەچوبو، بۆیە کاتێك فەریزەی حەجی مەککەیان تەواو دەکرد، تەنها لە پەرستگەی مەنات قژیان دەتاشی (الازرقی، 1983، 125/1).

دەتوانین بڵێین لەو سەردەمە خواوەندەکان نوێنەرایەتی شارەکانیان دەکرد، لەگەڵ بونی ناکۆکی لەنێوان خێڵەکان، خواوەندەکان ببونە هێمای یەکێتی کۆمەڵایەتی، چونکە دانیشتوانی هەر شارێك پەیوەستبون بە پەرستن و ڕێزگرتنی خواوەندی گەورەی خۆیان. تەنانەت وەك ئەوەبو لە شەڕەکاندا خواوەندەکانیان بەشداری چالاکانە بکەن و دەستەبەری بەرگری بۆ دەکردن (شلحث، 2003، 88-91)، وەك لە شەڕی ئوحود ئەبو سفیان لەبەرەی شەڕ، بەسەر موسڵمانە دۆڕاوەکان هاوار دەکات: " لَنَا الْعُزَّى وَلَا عُزَّى لَكُمْ " (البخاری، 1993، 4/ 1486).

هەرچەندە ناکۆکی نێوان شاری مەککە و یثرب نەگەیشتبووە ئاستی پێکدادان و شەڕ، بەڵکو تەنها ڕکابەرییەکی ناڕاستەوخۆ بو، ئەمەش مانای ئەوە نییە لەسەر ئاستی تاك هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دانیشتوانی ئەو دو شارە نەبێت، بەڵکو پەیوەندی دۆستایەتی و ژن و ژنخوازی لە نێوان هەندێکیان هەبووە، وەك هاشمی کوڕی عەبدولمەنافی باپیری پێغەمبەر، کە دامەزرێنەری هاوپەیمانێتییە بازرگانییەکان بو (ابن سعد، 1990، 62/1)، کاروانە بازرگانییەکانی بۆ شام ڕەوانە دەکرد، بۆ پاراستنی کاروانەکانی، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خەڵکی یثرب دروستکرد، بە هاوسەرگیری لەگەڵ سلمی کچی عمروی خەزرەجی (ابن هشام، 1990، 158/1؛ ابن الاثیر، 1997، 613/1)، پاش لەدایکبونی عبدالمطلب، هاشم ژنێکیتری لەو هۆزە هێنا بەناوی هندی کچی عمروی کوڕی ثەعلەبە (ابن هشام، 1990، 125/1).

هەروەها ئەبو سفیان پەیوەندی و دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو شارە هەبو، بۆ نمونە دۆستایەتی لەگەڵ (سەعدی کوڕی عەبادە) هەبو، چونکە گەورەی خەزرەج بووە و هاوشانی یەکتر بون، هەریەکەیان لەلای گەلەکەیان یارمەتی ئەویتری دەدا، پەیوەندی و هاوپەیمانییەکانی سەعد بن عبادە تەنها لە گەڵ ئەبو سوفیان سنوردار نەبو، بەڵکو لەگەڵ (الحارث بن امیة بن عبد شمس) و (جبیر بن مطعم بن

عدي بن نوفل) پەیوەندییەکی بەهێزی هەبو، چونکە هەرکاتێك کاروانەکانیان دەگەیشتە ئەو شارە، پارێزگاری لێدەکرد و سەلامەتی بۆیان مسۆگەر دەکرد (الطبری، 1967، 267/1-268؛ علی، 2012، 18).

لێرەدا دەشێت بڵێین، قەیرانی قووڵی ناکۆکی نێوان هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج، کە زیاتر لە 120 ساڵ بەردەوام بو، هەروەها فشاری ئابوری جولەکەکان لەسەریان، سەرەڕای فشاری دەرونی بەهۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ شاری مەککە و ناوچەکانی دەوروبەری ئەو شارە، ڕەوشێکی ئاڵۆز و ناجۆری دەرونی و قەیرانی ئاسودەیی بۆ دروستکردبون، ئەزمونێکی بەرفراوانی ئەوتۆشی بۆ دروستکردبون، کە بتوانن بەتەواوی خۆیان لەو بارە ناهەموارە ڕزگار بکەن، سەرەڕای هەمو ئەمانە، بۆیان دەرکەوت سود لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قورەیشییەکان نابینن لەو قەیرانە قووڵەی تێیکەوتون لەنێوان خۆیان و لەگەڵ جولەکەکان، پێدەچێت دەمێك بێت بەدوای دەرچەیەك گەڕابن بۆ هێنانەکایەی ڕەوشێکی باشتر لەو دۆخەی هەیانبو، بۆیە لە ئامێزگرتن و لەخۆگرتنی ئیسلام و پاراستنی پێغەمبەریان کردە ئەو دەرچەیە و پێیانوابو باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەرەرکردنی ئاڵۆزییەکان، دواجار هەمو ئەمانە وایکرد هەردو خێڵەکەی یثرب (ئەوس و خەزرەج)، هەوڵی ئەوە بدەن بەهۆی موسڵمان بونیان دەسەڵات و هەژمونی ئابوری لە شاری مەککە بسێننەوە و سەرنجی خەڵك بۆ لای شارەکەی خۆیان ڕابکێشن و ئیسلام لە ئامێز بگرن (مروة، 2008، 399/1).

ئەو ڕکابەرییەش بو، کاتێک پێغەمبەر مەدینەی کردە ناوەندی دەسەڵاتی خۆی، ویستی هەمان دەسکەوتی ئاینی بۆ ئەو شارە دەستەبەر بکات، وەك حەرامکردنی ڕووەك و ئاژەڵەکانی بە هەمان شێوەی شاری مەککە، هەروەها نوێژکردن و سەردانیکردنی شارەکە و مزگەوتەکەی هاوشانکرا لەگەڵ ئەنجامدانییان لە مەککە (البلاذری، 1988، 14).

### 3. ململانێی کۆچەران و پشتیوانان لەسەردەمی پێغەمبەر

لەگەڵ کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ شاری یثرب، هەردو چەمکی کۆچەران و پشتیوانان (المهاجرین و الانصار) بونە بەشێك لەفەرهەنگی باوی کەلتوری ئیسلام، بەدرێژایی دەسەڵاتی پێغەمبەر ناسنامەی موسڵمانانی دو شاری جیاوازی پێکدەهێنا، کە موسڵمانانی مەککە و موسڵمانانی یثرب بو.

کۆچەران ئەوانە بون پێش فەتحی مەککە موسڵمان بون و زێدی خۆیان جێهێشتبو، لەپاڵ پێغەمبەر کۆچییانکرد بۆ شاری یثرب، بە موسڵمانانی یثربیش دەگوترا پشتیوانان، کە باوەشیان بۆ موسڵمانە کۆچەرەکان کردەوە و داڵدەیان داون (السمعانی، 1997، 342).

لەسەرەتای کۆچکردنی موسڵمانان بۆ مەدینە، پاڵپشتی و دڵسۆزی پشتیوانان بەرامبەریان گەیشتە لوتکەی بەهێزی بە بەبەراورد بە ماوەی 13سێزدە ساڵی پێغەمبەرایەتی لەشاری مەککە لەنێو کەسوکار و هۆزی خۆیەوە ژمارەیان نەدەگەیشتە سەد کەس، تەنانەت کۆچەرانییان کردە هاوبەشی ماڵ و سامان و پێداویستییەکان، لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز ئاماژە بەو کۆمەڵەو پەیوەندییەکانیان کراوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (سورة الحشر: الاية 9)، هەروەها پێغەمبەر لەچەندین فەرموده، ئەو دڵسۆزییەی پشتیوانانی لەبەرچاو گرتووە و ستایشی کردووە، تەنانەت خۆشەویستی ئەو کۆمەڵەی وابەستەی چاکەکاری و باوەڕی ڕاستەقینە کردووە، وەك دەفەرموێت: "الْأَنْصَارُ لَا يُحِبُّهُمْ إِلَّا مُؤْمِنٌ، وَلَا يُبْغِضُهُمْ إِلَّا مُنَافِقٌ، فَمَنْ أَحَبَّهُمْ أَحَبَّهُ اللَّهُ، وَمَنْ أَبْغَضَهُمْ أَبْغَضَهُ اللَّهُ" (البخاری، 1993، 1397/2). هەروەها فەرمویەتی: "مَنْ أَحَبَّ الْأَنْصَارَ أَحَبَّهُ اللَّهُ، وَمَنْ أَبْغَضَ الْأَنْصَارَ أَبْغَضَهُ اللَّهُ" (ابن حنبل، 1983، 809/2). "آيَةُ الْإِيمَانِ حُبُّ الْأَنْصَارِ، وَآيَةُ النِّفَاقِ بُغْضُ الْأَنْصَارِ" (البخاری، 1993، 14/1).

لە زۆرینەی سەرچاوە مێژوویی و فیقهییەکان ئاماژە بەڕۆڵی پشتیوانان کراوە لەسەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلام، بەتایبەتی لە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتداریێتی ئیسلام، یەکگرتویی نێوانییان پێویستییەکی چارەنوسساز بوو، دەبوایە هاوهەڵوێستی بکەنە هۆکاری پاراستنی مانەوەیان لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش، کە قورەیشییەکانی مەککە بو، بێجگە لەوەی چینەوەی دەسکەوتەکانی شەڕ پێویستی بە بەشداریکردنی هەردو پێکهاتە هەبو بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنەکان. ئەو حاڵەتە زیاتر لەدوای شەڕی بەدر دەردەکەوێت، وەك دەبینین لەو شەڕەدا سەرکەوتنی موسڵمانان پەیوەست بو بە پێشنیازی یەکێك لە پشتیوانان، کە بریتی بوو لە (الحباب بن المنذر بن الجموع)، کە لەو شەڕەدا کوژرا (ابن سعد، 1990، 427/3).

بەشداریکردنی هەردو کۆمەڵ، مانای هەستکردنیانە بە مەترسی و پاراستنی ئەو دەسکەوتەی پێغەمبەر بۆیانی دەستەبەر کردووە لە ڕکابەری قورەیشییەکان، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت پێکهاتەی تێکەڵبوی ئەو دو کۆمەڵە، کۆمەڵگەیەکی فریشتەیی بەرهەمهێنابێت، بەجۆرێك ئەو پێشینە مێژوییە پڕ لە ناکۆکی و ڕکابەرییەی پێش ئیسلامی بیرچوبێتەوە، بەڵکو سروشتی خۆویستانەی مرۆیی و دەمارگیری، بووە هۆی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ململانێ و ڕکابەری نێوانیان، کە نوێنەرایەتی جۆرێک لە ململانێی چینایەتی و خێڵەکی و سیاسیی دەکرد.

لەدوای دامەزراندنی دەسەڵاتی موسڵمانان لە مەدینە و دەستپێکردنی پرۆسەی سەربازی لە دژی قورەیشییەکان، بەتایبەتی سەرکەوتنی موسڵمانان لە غەزو سرییەکاندا، ژمارەی کۆچەران زیادیکرد، لە توانای پشتیوانان نەما بیانگرنە خۆیان (الشامی، 2014، 175)، ابن تیمیة ئاماژە بەوە دەکات دوای ئەو ماوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئایینەکە زیاتر بڵاو دەبووەوە و ژمارەی کۆچەران لە مەدینە زیاد دەبو (2004، 40/11-41)، پشتیوانانیش باری ئابوریان لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبو، چونکە هەتا ئەو سەردەمە هێزی ئابوری لە دەست جولەکەکان بو، ئەوان خاوەنی بازاڕ و سامان بون لەو شارەدا، پێویستییەکانی خەڵکیان دەقۆزتەوە و یاریان بە نرخەکانی بازاڕ دەکرد.

بێجگە لەوەی لە کردە سەربازییە سەرەتاکان، ڕۆڵێکی گرنگی ئەوتۆ نەدرا بە پشتیوانان، وەك ابن سعد دەڵێت: "تا شەڕی بەدر، پێغەمبەر هیچ پشتیوانێکی نەنارد بۆ هیچ کارێکی سەربازی، تەنها کۆچەران بەشدار دەبون (1990، 4/2). دەشێت بڵێین پشتیوانان لەسەرەتاوە هەستیان بەوە کرد پەراوێز دەخرێن، پێدەچێت گومانی پشتیوانان لەجێی خۆی بێت، چونکە هەر لەسەرەتای موسڵمانبونیان، لە بەیعەی عەقەبەی دووەم بە پێغەمبەرییان گوت: "ئەگەر خودا سەریخستی، ناگەڕێیتەوە ناو خزمان و وازمان لێدێنی؟ (ابن هشام، 1990، 89/2).

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەگەڵ بەهێزبونی موسڵمانان مشتومڕ لە نێوان موسڵمانانی کۆچەر و پشتیوان دەردەکەوت، پشتیوانان زیاتر هەستیان بە پەراوێزخستن دەکرد، مشتومڕی پیاوێك لە پشتیوانان لەگەڵ زوبێری کوڕی عەوام لەسەر ئاودانی دارخورما، ڕەنگدانەوەی توڕەیی پشتیوانانە بەرامبەر بە خاوەندارێتی کۆچەران لە زەوییە کشتوکاڵییەکان کە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان بو، لەدرێژەی بەسەرهاتەکە توڕەیی پیاوەکەی پشتیوانان دەگاتە ئەو ئاستەی ڕوبەڕوی پێغەمبەر بوەستێتەوە لەسەر ئەوەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp446-455

لایەنگری زوبێری کردووە (بڕوانە: البخاری، 1993، 832/2).

هەروەها گێڕانەوەیەك بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە هەیە ، دوای تەواو بونی شەڕی المصطلق (5ك/625ز)، پیاوێکی پشتیوانان لەگەڵ پیاوێکی کۆچەران دەبێتە شەڕیان، هەریەك لە پیاوەکان هاوار بۆ خەڵکی خۆیان دەکەن، گرژی دروست دەبێت و شمشێر لەیەکتر ڕادەکێشن، لەوکاتەدا پێغەمبەر هاواریان لێدەکات، ئەوە چییە ئەو کارە جاهیلییە (البخاری، 1993، 1296/3)، تەنانەت ابن سعد دەڵێت پیاوەکەی پشتیوانان هاواریکرد: "یا للأنصار!"، کۆچەرییەکەش هاواریکرد: "یا لقریش1990) "!، 49/2 .(

ئەمەش دەرخستەی ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییەیە، کە ناتواندرێت یادەوەری کۆمەڵایەتی بە ئاسانی بسڕدرێتەوە، چونکە ناکۆکی نێوان ئەو دو لایەنە بووەتە بەشێك لە کەلتوری هەر لایەکییان، لەو ئاماژەوە دەشێت بڵێین: خەیاڵی کۆمەڵایەتیانەی ئیسلام، هەمان کەلتوری داکراوی یادەوەری کۆمەڵایەتیانەی ئەو دو لایەنەیە، چونکە باوەڕە ئاینییەکە ماوەیەکی زەمەنی ئەوەندەی بەسەردا تێنەپەڕیوە، تا پیرۆزییەکەی بای ئەوەندە خۆی بچەسپێنێت، کە زاڵبێت بەسەر ئەو وابەستە کەلتورییەی مێژوییەکی درێژی لەئەزمونکردندا هەیە و بتوانێت ڕکابەرییە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی تێپەڕێنێت، واتا یادەوەری کۆمەڵایەتی وایکردووە، بەشێك لە موسڵمانان هەمان ڕەفتاری سەردەمی جاهیلی دوبارە بکەنەوە. علی وەردی ئاماژەی بە گوزارشتێکی لەو شێوەیە کردووە، پێیوایە ئەو ڕکابەرییەی نێوان خێڵەکان و شارەکان، ببووە بەشێك لە کەلتوری ئەو خێڵانە، بە شێوەیەك لە یادەوەرییان مایەوە، تا ئەو ئاستەی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش نەتوانراوە لە یادەوەری بیسڕنەوە(2009,59).

تورەبونی عەبدوڵلای کوڕی سەلولیش بۆ کاریگەریی ئەو یادەوەرییە دەگەڕێتەوە، کاتێك ئاماژە بە خەڵکی قوڕەیش دەدات و دەڵێت: "ئێمە نەبوینەتە عەبای قوڕەیش، ئەوان ناکۆکییان لەگەڵ ئێمەدا هەبووە و لە شارەکەمان ژمارەیان لە ئێمە زیاتر بووە، سەگەکەت قەڵەو بکەیت دەتخوا، بەخودا بگەڕێینەوە، لە شەرەفمەندترینیان تا خراپترینیان لە شارەکەمان دەردەکەین" (الواقدی، 1989، 416/2؛ ابن هشام، 1990، 236/3-237).

دەکرێ هەڵوەستە لەسەر سیستمی برایەتیش بکرێت، کە لەلایەن پێغەمبەرەوە، لەسەرەتادا بەهۆی کەمی ژمارەی موسڵمانان میراتیشی کردە بەشێك لەو ڕژێمە، وەك ابن سعد دەڵێت: "ژمارەی موسڵمانان پێش شەڕی بەدر تەنها 90 کەس بون" (1990، 184/1)، پێغەمبەر بۆ هەر کۆچەرێك پارچە زەوییەکی دابینکرد و خانویان دروستکرد (البلاذری، 1996، 317/1؛ البلاذری، 1988، 30)، دوای ئەوە ژمارەی کۆچەران زیادی کرد، قورئانی پیرۆز بەپێی ئایەتی ﴿فَأُولَٰئِكَ مِنكُمْ ۚ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ (سورة الانفال: الایة 75) ئەو ڕژێمەی هەڵوەشاندەوە (ابن سعد، 1990، 184/1). هەرچەندە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕژێمە بۆ ئەوە بو فشاری ئابوری زیاتر نەکەوێتە سەرشانی پشتیوانان، بەڵام بەدوری نازانین هەڵوەشانەوەی ئەو ڕژێمە و دابەشکردنی زەوی بەسەر کۆچەران و زیادبونی ژمارەیان، گومانی پشتیوانانی زیاتر کردبێت لە پەراوێزخستن، بۆیە ناکۆکییەکان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر و قووڵتر دەبووەوە. بەتایبەتی لەدوای دابەشکردنی غەنیمەی شەڕی بەدر، پێدەچێت لە دەسکەوتە زۆرەکانی ئەو شەڕە پشکی پشتیوانان کەمتر دیاریکرابێت، یان ڕۆڵی پشتیوانان کەمتر بوبێت لە شەڕەکە، چونکە پێغەمبەر لەسەرەتای شەڕەکە مژدەی بەدەستهێنانی غەنیمەی شەڕەکە بە موسڵمانان دەدات و هانی سەربازەکانی دەدات هەرموسڵمانێك کەسێك بکوژێت لە بێباوەڕان، ئەوە و ئەوەی پێدەدرێت (مقاتل، 2002، 99/2)، (سەعدی کوڕی مەعاز) ناڕەزایەتی دەربڕی لەو دابەشکردنە، هەرچەندە ئاماژەی بە ناوی کۆچەر و پشتیوانان کرد، کە بەهۆی پارێزگاری لە چادرەکەی پێغەمبەر، بەشێکیان هیچ دەسکەوتێکیان بەرنەکەوتووە (مقاتل، 2002، 100/2؛ الواقدی، 1989، 98/1)، بەڵام ناڕەزایەتی ئەو کەسە وەك کەسێك لە پشتیوانان، گوزارشتە لە نوێنەرایەتی دەنگی ناڕەزایی ئەو کۆمەڵە، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەوەیە کۆچەرییەکانی مەککە دەسەڵاتداری دەوڵەتە تازەکەبون، دەشێت بڵێین پشتیوانان تورەبونە، بۆیە کاتێك دەگەڕێنەوە مەدینە و خەڵك پیرۆزباییان لێدەکەن، یەکێکیان بەناوی (مسلمة بن سلامة) دەڵێت: "بۆچی پیرۆزبایی دەکەن، ئەوانەی شەڕمان کردن، چەند پیرە پیاوێکی سەر ساف بون وەك حوشتر" (ابن هشام، 1990، 285/2).

تەنانەت ڕزگارکردنی بەشێك لە دیلەکانی ئەو شەڕە، دڵی (سەعدی کوڕی مەعاز)ی ڕەنجاند، بەڕاشکاوی بەرامبەر پێغەمبەر هەڵوێستی نەیارانەی دەرخست، بەتایبەتی لەئازاد کردنی عەباسی مامی پێغەمبەر، داوایکرد پێویستە دیلەکان بکوژرێن (الواقدی، 1989، 110/1؛ المقریزی، 1999، 246/9)، چەندین نمونەی دیکە لەسەرچاوەکان تۆمار کراوە، کە لە نێوان کۆچەران و پشتیوانان ئاڵۆزی دروستببووە، بەڵام بە حیکمەت و لێهاتویی و ڕێزی کەسایەتی پێغەمبەر، توانراوە هێور بکرێنەوە، وەك ڕۆژهەڵاتناس کارل بڕۆکلمان پێیوایە، هەمو ڕق و کینە سیاسییەکانی سەردەمی جاهیلی، بە هەژمونی ئەدەبی پێغەمبەر کپ کرابون، بۆیە لەگەڵ مردنی پێغەمبەر لە پڕ سەرییان هەڵدایەوە (2001، 83). جەنگی هەڵگەڕاوەکان لەسەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکر (11-13ك/632-634ز) بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە.

سەرکەوتنی موسڵمانان لەشەڕی بەدر پێگەی سیاسی پێغەمبەری لەجاران زۆر بەهێزتر کرد، سەرەڕای ئەوەی شار بەدەرکردنی جولەکەکانی هۆزی (بنی قینقاع) و دەستگرتن بەسەر سامان وکێڵگەکانیان بارودۆخی کۆچەرانی باشتر کرد، بەهۆی بەجێهێشتنی ماڵ و کەل و پەلەکانییان، لەلایەکی دیکە بەهۆی نەمانی کێبڕکێی بازرگانی لەگەڵ جولەکە (الملاح، 1991، 258)، ئەمەش هەژمونی کۆچەرانی زیاترکرد لە مەدینە، سەرەڕای ئەوەی سنورداركردنی توانا و دەسەڵاتی پشتیوانان بو.

دەرکردنی هۆزی جولەکەی (بنی نضیر) و دەستگرتن بەسەر موڵك و سامان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان، بەتایبەتی باغ و باخچە دارخورماکان، یارمەتیدەرێکی باش بو بۆ یەکلاکردنەوەی هاوسەنگی نێوان کۆچەران و پشتیوانان لە بواری دارایییەوە، چونکە بەپێی گێڕانەوەی ابن هشام دەسکەوتەکانی ئەو هۆزە هەمووی تایبەتکرا بە پێغەمبەر و دابەشیکردە سەر کۆچەران، لەگەڵ تەنها دو کەس لە پشتیوانان (1990، 145/3)، بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەکان، ئەو دو کەسە هەژار بون پشکیان پێدرا (یحی ابن ادم، 1987، 73؛ البلاذری، 1988، 29)، بەڵام ناگونجێت لەناو پشتیوانان تەنها ئەو دو کەسە هەژار بوبن، بەهۆی بارودۆخی خراپی کۆچەرانیش نەبووە، چونکە غەنیمەی شەڕی بەدر باری دارایی کۆچەرانی ڕاست کردبووەوە، لەو تێڕوانینەوە دەشێت بڵێین کۆچەران لەو دابەشکردنە نیگەرانییان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی پشکی دەسکەوتەکان لە قورئان بەڕونی یەکلاکراوەتەوە وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ { (سورة الانفال: الایة: 41).

هەموو ئەمانە پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە هەستی پەراوێزخستنی پشتیوانان لە زووەوە سەریهەڵداوە، چونکە ناکرێت هەستیان بەو دۆخە نەکردبێت، ڕۆژ بەڕۆژ هەستی بەهێزبونی کۆچەران لەلای پشتیوانان زیاتر گەشەی دەکرد، دەیانبینی پشکی دەسکەوتەکان بۆ ئەوانە و دەسەڵاتی سیاسییان زیاد دەکات، بۆیە لەگەڵ گەشەکردنی ئەو هەستە، ناکۆکی و ڕکابەرییەکان قووڵتر دەبونەوە .

لە فەتحی مەككە، ناكۆكی نێوان ئەو دو لایەنە بەئاشكرا دەردەكەوێت، بەتایبەتی ڕقی پشتیوانان بەرامبەر قورەیشەكانی مەككە، كاتێك (سەعدی كوڕی عەبادە، 14ك/635ز مردووە) هەڕەشە لە ئەبو سفیان دەكات و دەڵێت: "ئەمڕۆ ڕۆژی داستانە، كەعبە حەڵاڵ دەكرێت" (ابن هشام، 1990، 48/4)، ناكرێت ئەو گوتەی سەعد تەنها كاردانەوەی ئەو چالاكییە سەربازییەی سەر مەككە بێت و لە پڕێكەوە دەربیبڕێت، بەڵكو ڕق و دوژمنایەتی دێرینە و گوزارشتە لە تۆڵەكردنەوە لەو شارە و لە قورەیشەكان، پێغەمبەر هەست بەو دوژمنایەتییە دەكات، بۆیە كاتێك ئەبو سفیان گازاندە لەو قسەی سەعد دەكات، پێغەمبەر لەوەڵامدا دەڵێت: "سەعد درۆی كرد، ئەمڕۆ ڕۆژی ڕەحمەتە، خودا قورەیشی تێدا سەربەرز دەكات" (البخاري، 1993، 1559/4؛ ابن هشام، 1990، 48/4)، تەنانەت ئالاكەی لە سەعد سەندەوە و دای بە عەلی كوڕی ئەبو تالب. مەودای ئەو بۆشایی و لێكترازانە لەكاتی دابەشكردنی دەسكەوتەكانی شەڕی (حونەین، 8ك/629ز) زیاتر دەبێت، چونكە پشكی زۆری دەبەخشێتە (مؤلفة قلوبهم) سەرانی قورەیش (ابن سعد، 2001، 141/2)، ئەو كەسانەی بە سەختی دوژمنی بانگەوازی ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرەكەی بون، لەكاتێكدا پشتیوانان بنكەی سەرەكی سەرخستنی بانگەوازی ئیسلام بون، كەچی لە دەسكەوتەكان پلەی دووەمیان پێدرا، بێجگە لەوەی قورەیشەكان، كە تازە ببونە موسڵمان، ئامادەكاریی وەرگرتنی ڕۆڵی یەكەمییان دەكرد لە دەوڵەتی نوێی ئیسلام.

ئەو ناكۆكییانە بونە زادەی شكانی شەرمی هاوەڵان و سەرەتای دروستبونی ناكۆكی كۆمەڵی موسڵمانان، بەشێوەیەكی پەنهان كەڵەكەبونی نارەزایەتی و ڕق و كینەی نێوان ئەو دو لایەنە زیادیدەكرد، لە هەر دەرفەتێكدا ئەگەری تەقینەوەی هەبو، تەنانەت بەریەككەوتن لەگەڵ خودی پێغەمبەریش سەریهەڵدا، وەك دەبینین لەكاتی دابەشكردنی دەسكەوتەكانی شەڕی حنین یەكێك لە هاوەڵان بە پێغەمبەری گوت: " دادپەروەربە ئەی پێغەمبەری خوا"، یەكێكی دیكە دەڵێت: "دابەشكردنی ئەو بەخششانە بەپێی ویستی خودا نییە" (البخاري، 1998، 414).

دەنگی نارەزایی گەیشتە ئەو ئاستەی پشتیوانان بڵێن، "جێگەی سەرسامیە، تا ئێستا شمشێرەكانی ئێمە خوێنی قورەیشی لێ دەتكێت، كەچی دەسكەوتەكانی ئێمە دەدرێت بە قورەیش"، یان گوتیان، "لە كاتی تەنگانە ئێمە بانگ دەكرێین، كەسانی دیكە غەنیمە دەبات" (ابن الفركاح، 2006، 30)، ئەو گوتانە هەڵگری مانای زۆرن و پێشینەی كینەی قوڵ و دوژمنایەتییەكی گەورەیە، چونكە لەزۆر ڕوداو، بەتایبەتی لەسەر دەسكەوتەكان، مشتومڕ و دەمەتەقێی تەنز ئامێز لە نێوان ئەو دو لایەنە دروستبووە، ئەو ناكۆكییە لە دەقێكی زۆری شیعری شاعیرانی ئەو دو لایەنە لە دژی یەكتر ڕەنگدانەوەی هەبووە (حسین، 2007، 115-121). حسين مروه بە ڕونی گوزارشتی لەو ڕاستییە كردووە، پێیوایە، هەندێك لەو ناكۆكییانە، جارجارێك دەیانەوێت بتەقنەوە، چونكە هەم كۆچەران جارێكی دیكە بونەوە بە توێژی سەردەستە لە مەدینە، هەمیش زۆرجار لە شەڕەكاندا زۆرترین دەسكەوتی شەڕیان پێدەدرا2008) ، 433/1.(

لەگەڵ مردنی پێغەمبەر خواستی دەسەڵات هاوەڵانی كرد بە دو گروپی جیاواز و ناكۆكییەكانی نێوان ئەو دو لایەنە گەیشتە لوتكە (ابن قتيبة، 1990، 21/1-25). ناكۆكی كەڵەكەبوی چەند ساڵەی ڕابردو سەریهەڵدایەوە و خۆسەپێنی هەر لایەكیان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە دەركەوت بۆ وەرگرتنی خەلافەت، كە هەمان ململانێی پێش ئیسلام بو لە نێوان مەككە و مەدینە، بەڵام ئەمجارە لە نێوان كۆچەران و پشتیوانان، ئەگەرچی ئەو ململانێیە چەند ساڵێك بو خامۆش ببو، بە هۆی كۆبونەوەیان لەژێر سایەی ڕێكخستنی ئیسلامیدا.

ئەزمونی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوی پشتیوانان، بەتایبەتی لەدوای فەتحی مەككە (8ك/629ز) و دابەشكردنی دەسكەوتەكانی شەڕی حنین، مەترسی لەسەر ئایندەیان دروستكردبو، بێجگە لەوەی لەلایەن قورەیشەكان قۆرخكاری دەسەڵاتیش بە ڕونی دیاربو، بەتایبەتی لایەنگیری خودی پێغەمبەر هاوكاری سەرەكی قورەیشەكان بو، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی جیابونەوەی خۆیان لە دەوڵەتی ئیسلامی و لەدەسەڵاتی پێغەمبەر ڕابگەیەنن، چونكە لەپێناوی سەرخستنی بانگەوازی ئیسلامی شەڕی زۆربەی هۆزە عەرەبەكانییان كردبو، هەروەها بەتەواوی ملكەچی دەسەڵاتی پێغەمبەر و هەژمونی بڕیارەكانی ببون، ترسییان هەبو هۆزە عەرەبەكان تۆڵەی خۆیانییان لێبكەنەوە، ئەو گوزارشتە لە گوتەیەكی (حباب بن المنذر)ی خەزرەجی دەردەكەوێت، لەكاتی بەیعەتدانی خەلیفە ئەبوبەكر دەڵێت: "ئێمە هەرگیز ملكەچی ئەو بڕیارە نابین، بەڵام ترسمان هەیە لەو كەسانەی باوك و براكانمان كوشتووە" (ابن سعد، 1990، 136/3-137). ئەمەش گوزارشت لەوە دەكات بەهۆی لاوازی پێگەی سیاسی، لەلایەكی دیكە ترسی تۆڵەكردنەوەی دوژمنەكانی ئیسلام، پشتیوانان نەیانتوانیوە ڕكابەری سیاسەتی زاڵی قورەیشەكان بكەن لەشاری خۆیان، بۆیە لەهەندێك ڕوداودا بەدەربڕینی هەندێك گوتە گوزارشتیان لەو بارودۆخە كردووە.

دیارە پشتیوانان خۆیان لە ناو ئەو دەمارگیرییەدا ژیابون، بۆیە پێشبینییەكانیان ڕاست دەرچووە، وەك سەرەتا ئەو گومانەیان هەبووە، ترساون لەدوای سەركەوتنی بانگەوازی ئیسلام پێغەمبەر پشتگیری خزم و كەسەكانی خۆی بكات و دەسەڵات ڕادەستی قورەیشەكان بكات، هەرچەندە لەسەردەمی پێغەمبەر ئەوە ڕوینەدا، بەڵام لەدوای ئەو سەردەمە، پێشبینییەكانیان ڕاست دەردەچێت و بەتەواوی لەسەر شانۆی سیاسی دەكرێنە دەرەوە و پەراوێز دەخرێن. هەر لە ئەنجامی پێشبینییەكانیشیان بووە، لەگەڵ مردنی پێغەمبەر هەوڵی بەدەستهێنانی خەلافەتییان داوە.

ناكۆكی نێوان ئەو دو لایەنە دەگاتە ئاستی جیاوازی لە باوەڕی ئایینی، وەك دەبینین لە سەردەمانی دواتر مزگەوتی خۆشیان جیاكردۆتەوە، لە عەمار بن ابي عمار (م 120ك) دەگێڕنەوە گوتویەتی: "ان مسجد الأنصار يسلمون فيه تسليمتين، وكان مسجد المهاجرين يسلمون فيه تسليمة واحدة" (ابن المنذر، 2004، 47/2). ئەو گوتەی عەمار ئاماژەیەكی ڕونە بە پەیوەندی و تێكەیشتنی جیاوازی نێوانییان، بەو پێیەی ناكۆكی دەگاتە ئاستی گرنگترین پایەی ئایینی، كە نوێژە، ئەمەش پەیامێكە لە ڕەتكردنەوەی ناڕاستەوخۆی ئەویدیكە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی گەڕان بەناو سەرچاوە مێژوییەكان بۆ نوسینی ئەو توێژینەوەیە، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، كە لەو چەند خاڵەدا دەیخەینەڕو:

1-پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، بەهۆی پێگەی ئایینی و ئابوری، بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ناكۆكی و ڕكابەری لەنێوان ئەو دو شارە هەبووە، چونكە دانیشتوانی مەدینە دەیانویست پێگەیەكی ئابوری بەهێزی وەك مەككە بۆ شارەكەیان دروست بكەن.

2-ڕكابەری نێوان ئەو دو شارە ڕۆڵی گرنگی لە سەر یادەوەری كۆمەڵایەتی دانیشتوانەكەیان هەبو ، دواجار كاریگەریی لەسەر دروستبونی ناكۆكی نێوان موسڵمانانی مەدینە و كۆچەرەكان هەبو .

3-خۆشەویستی و سۆزی هەریەك لەو دو لایەنە بۆ شارەكەیان ڕۆڵی لەقووڵكردنەوەی ناكۆكییەكان هەبو ، چونكە ڕكابەری نێوان خێڵەكان تایبەتمەندییەكی بەهێزی كۆمەڵگەی

عەرەبی بو.

4-لەگەڵ زیاد بونی ژمارەی موسڵمانانی مەککە، هەستی پەراوێزخستن لەلایەن پشتیوانان سەریهەڵداوە، بەڵام کەسایەتی بەهێزی پێغەمبەر رۆڵی هەبووە لەسەر خامۆشکردنی ناکۆکی و دوبەرەکی موسڵمانان.

5-کەڵەکەبونی قەیرانەکان لەشاری مەدینە هۆکاری موسڵمانبونی خەڵکی ئەو شارە بو، بێجگە لەوەی ویستییان ئاینی ئیسلام بکەنە هۆکارێك بۆ بەهێز بونی پێگەی شارەکەیان، بەهۆی پاڵپشتی پێغەمبەر لە قورەیشەکانی مەککە، نەیانتوانی بگەنە ئامانج.

## سەرچاوەکان


القران الكريم

الملاح، هاشم يحيى (2012)، مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام، و: هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەڵات.

نادر، سەعید مەولود (2024)، کاریگەری کولتوری میللی لەسەر غەنیمە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەلتی پەروەردە، بەشی مێژوو.

ابن الاثير، عزالدين ابو الحسن (1989)، أسد الغابة في معرفة الصحابة، تحقيق: محمد إبراهيم البنا واخرون، دار الفكر، بيروت، لبنان.

ابن الاثير، عزالدين ابو الحسن (1997)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان.

ابن الفركاح، عبدالرحمن بن إبراهيم بن سباع بن ضياء الفَزَاري (2006)، مسألة الغنائم، تح: عبدالستار ابو غدة، بيروت، لبنان، دار البشائر الاسلامية.

ابن المنذر، أبو بكر محمد بن إبراهيم (2004)، الإشراف على مذاهب العلماء، المحقق: صغير أحمد الأنصاري أبو حماد، مكتبة مكة الثقافية، رأس الخيمة، الإمارات العربية المتحدة.

ابن تيمية، شيخ الاسلام احمد بن تيمية (2004)، مجموع الفتاوى، تح: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، المدينة المنورة، مجمع الملك فهد لطباعة والمصحف الشريف.

ابن حبيب، محمد بن حبيب بن أمية بن عمرو الهاشمي (1985), المنمق في أخبار قريش، المحقق: خورشيد أحمد فاروق، عالم الكتب، بيروت.

ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد (1983)، فضائل الصحابة، المحقق: د. وصي الله محمد عباس، مؤسسة الرسالة، بيروت.

ابن حنبل، الامام احمد (2001)، مسند الإمام أحمد بن حنبل، المحقق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، مؤسسة الرسالة، بيروت .

ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيد الله (1889)، المسالك والممالك، دار صادر أفست ليدن، بيروت.

ابن خلدون، عبد الرحمن بن خلدون (2013)، مقدمة ابن خلدون، تح: سعيد محمود عقيل، بيروت، دار الجيل للنشر والطباعة.

ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الهاشمي (1990)، الطبقات الكبرى، وتحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن قتيبة، ابو محمد عبدالله بن مسلم الدينوري (1990)، الامامة والسياسة المعروف بتاريخ الخلفاء، تح: على شيرى، لبنان، بيروت، دار الاضواء للطباعة والنشر.

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر (1997)، البداية والنهاية، تح: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، مصر ، الجيزة، دار الهجر للطباعة والنشر.

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر (1998)، تفسير القرآن العظيم، المحقق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن هشام، عبد الملك بن هشام (1990)، السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق: عبدالسلام التدمرى، دار الكتاب العربى، بيروت.

ابو عبيد البكرى، بو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد (1992)، المسالك والممالك، دار الغرب الإسلامي.

الازرقى، أبو الوليد محمد بن عبد الله بن أحمد (1983)، أخبار مكة وما جاء فيها من الأثار، لمحقق: رشدي الصالح ملحس، ط3، دار الأندلس للنشر، بيروت.

الاصفهانى، على بن الحسين أبو الفرج (1994)، الاغانى، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

البخارى، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل (1993)، صحيح البخارى، المحقق: د. مصطفى ديب البغا، ط5، دار ابن كثير، دمشق.

البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل (1998)، الادب المفرد، تح: سمير بن أمين الزهيري، الرياض، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع.

بدر، عبدالباسط (1993)، تاريخ الشامل للمدينة المنورة، المدينة المنورة، د. م.

بروكلمان، كارل (2001)، تاريخ الشعوب الإسلامية، تر: نبيه امين فارس و منير البعلبكي، ط5، لبنان، بيروت، دار العلم للملايين.

البلاذرى، أحمد بن يحيى بن جابر (1988)، فتوح البلدان، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

البلاذرى، أحمد بن يحيى بن جابر (1996)، أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلي، دار الفكر، بيروت.

الثعالبى، ابى منصور عبدالملك بن محمد (1985)، ثمار القلوب فى المضاف والمنسوب، تح: محمد ابو الفضل ابراهيم، القاهرة، دار المعارف.

حسين، طه (2007)، فى الشعر الجاهلى، تقديم ودراسة: عبدالمنعم تليمة، رؤية للنشر والتوزيع.

دووەم: ژێدەرە عەرەبییەکان

الذهبى، شمس الدين محمد بن أحمد (1985)، سير أعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، ط3، مؤسسة الرسالة، بيروت.

السمعاني، أبو المظفر منصور بن محمد (1997)، تفسير القرآن، المحقق: ياسر بن إبراهيم وغنيم بن عباس بن غنيم، دار الوطن، الرياض، السعودية .

السمهودى، علي بن عبد الله بن أحمد الحسني الشافعي (1999)، وفاء الوفاء بأخبار دار المصطفى، تحقيق: خالد عبد الغني محفوظ ، دار الكتب العلمية، بيروت.

السهيلى، أبو القاسم عبد الرحمن بن عبد الله (2000)، الروض الأنف في شرح السيرة النبوية، تحقيق: عمر عبد السلام السلامي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

الشامي، صالح أحمد (2014)، السيرة النبوية تربية امة وبناء الدولة، المكتب الإسلامي، بيروت، لبنان.

الشريف المرتضى، علي بن الحسين الموسوي العلوي (1954)، أمالي المرتضى (غرر الفوائد و درر القلائد)، المحقق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار إحياء الكتب العربية، القاهرة.

الشريف، احمد ابراهيم (2003)، مكة والمدينة في الجاهلية وعهد الرسول صلى الله عليه وسلم، دار الفكر العربي، القاهرة.

شلحت، يوسف (2003)، مدخل الى علم الاجتماع الاسلام من الارواحية الى الشمولية، تر: خليل احمد خليل، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

ضيف، شوقي (1995)، تاريخ الأدب العربي ، دار المعارف، مصر.

الطبرى، أبو جعفر محمد بن جرير (1967)، تاريخ الرسل والملوك، المحقق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعارف بمصر.

الطبری، أبو جعفر محمد بن جرير (2001)، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، القاهرة، دار هجر للطباعة والنشر.

علی، جاسم صكبان (2012)، علاقة يثرب بالقبائل والحواضر العربية قبل الإسلام، مجلة التراث العربی، عدد.(1)

علی، جواد (2001)، المفصل فی تاريخ العرب قبل الإسلام، دار الساقي، بيروت، لبنان.

الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (1982)، احياء علوم الدين، دار المعرفة، بيروت، لبنان.

القلقشندی، أبو العباس أحمد بن علي (1980)، نهاية الأرب في معرفة أنساب العرب، لمحقق: إبراهيم الإبياري، ط2، دار الكتاب اللبنانين، بيروت.

كرمی، أحمد عجاج (2007)، الإدارة في عصر الرسول صلی الله عليه وآله وسلم، : دار السلام، القاهرة.

الكلبی، أبو المنذر هشام بن محمد (2000)، كتاب الأصنام، المحقق: أحمد زكي باشا، ط4، دار الكتب المصرية – القاهرة.

مروة، حسين (2008)، النزعات المادية فی الفلسفة العربية الاسلامية، دار الفارابی، بيروت، لبنان.

مقاتل، أبو الحسن مقاتل بن سليمان بن بشير الأزدي البلخى (2002)، تفسير مقاتل بن سليمان، المحقق: عبد الله محمود شحاته، : دار إحياء التراث، بيروت.

المقريزی، أحمد بن علي بن عبد القادر (1999)، إمتاع الأسماع بما للنبي من الأحوال والأموال والحفدة والمتاع، المحقق: محمد عبد الحميد النميسي، دار الكتب العلمية، بيروت.

الملاح، هاشم يحيی (1991)، الوسيط فی السيرة النبوية والخلافة الراشدة، مطبعة جامعة الموصل.

مهران، محمد بيومی (1980)، دراسات في تاريخ العرب القديم، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

الواحدي: أبو الحسن علي بن أحمد النيسابوري (1992)، أسباب النزول القران، تح: عصام بن عبدالمحسن الحميدان، الدمام، دار الإصلاح.

الواقدی، محمد بن عمر بن واقد السهمي (1989)، المغازی، تحقيق: مارسدن جونس، ط3، الناشر: دار الأعلمي، بيروت.

الوردي، علی (2009)، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، بيروت، مكتبة دجلة والفرات .

الوكيل, محمد السيد (1986)، يثرب قبل الاسلام، دار المجتمع للنشر والتوزيع، جدة، سعودية.

ياقوت الحموی، شهاب الدين أبو عبد الله (1995)، معجم البلدان، ط2، دار صادر، بيروت.

يحيی بن ادم، القرشي (1987)، الخراج، تح: حسين مؤنس، القاهرة، دار الشروق.

## پەراویزەکان

[1] . باوکی خالیدی کوڕی وەلیدە و یەکێکە لە ڕیش سپی و کەسایەتی دیاری قورەیش، بە دادپەروەر ناسراوە، بەهۆی ئەوەی قورەیش ساڵێك کەعبەی دادەپۆشی، ساڵی پاشتر ئەو بەتەنها ئەو کارەی ئەنجام دەدا، لە ساڵی یەکەمی کۆچی مردووە (البلاذری، 1996، 10/203-204).

[2] . تەنانەت لەدوای کۆچی موسڵمانانیش بۆ مەدینە قورەیش نەیدەویست ناکۆکی لەگەل دانیشتوانی ئەو شارە قوڵتر بکاتەوە، کاتێك (عتبة بن ربيعة، شيبة بن ربيعة، الوليد بن عتبة)، پێش دەستپێکردنی شەڕی بەدر داوای ڕوبەڕوبوونەوە دەکەن، چەند کەسێك لە موسڵمانانی پشتیوان چونە دەرەوە بۆ شەڕکردن، بەڵام ئەوان گوتییان ئێمە نەهاتوین بۆ شەڕی ئێوە، لەگێڕانەوەکەدا چەمکی (هاوشانانمان) بەکاردەهێنن، چونکە عتبە وشیبە و الولید گەورە پیاوانی قورەیش بون پێیان شەرم بو شەڕی خەڵکی ڕەشۆکی بکەن، بۆیە پێغەمبەر ئاماژە بە حەمزەو عەلی و عبیدە دەکات، کە کەسی یەکەمی پێغەمبەر ونەوەی هاشمی قورەیشین، بۆ ئەوەی ڕوبەڕویان بوەستنەوە (ابن هشام، 1990، 2/267-268).

[3] . برای سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسە، لە شەڕی ئوحد پێغەمبەری بریندار کرد، بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر موسڵمانبوونی، لەسەردەمی پێغەمبەر لەشاری مەدینە مردووە (ابن الاثير، 1989، 3/467).

[4] . کەسایەتییەکی عەرەبی بوو، سەقیفییەکان ناردیان وەك ڕێنیشاندەری سوپای حەبەشییەکان بە فەرماندەیی ئەبرەهە، بۆ ئەوەی ئاسانترین ڕێگای نیشان بدات، کاتێك ویستی هێرش بکاتە سەر مەککە و کەعبە بڕوخێنێت، لە شوێنێک بە ناوی المغمس لە نێوان تائیف و مەککەدا کوژرا، پاشان گۆڕەکەی لەلایەن عەرەبەکان بەردبارانکرا (ابو عبيد البكری، 1992، 1/349).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp446-455